| هەرێمی کوردستان- عێراق<br>ئەنجوومەنی وەزیران<br>وەزارەتی ناوخۆ<br>بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان<br>بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی | Kurdistan Regional - IRAQ<br>Council of Ministers<br>Ministry of interior | إقليم كوردستان- العراق<br>مجلس الوزراء<br>وزارة الداخلية<br>المديرية العامة للديوان<br>مديرية الادارة |
|---|---|---|

ژمارە : ١٧٣٤٠ NO:

ڕێکەوت : ٤ / گەلاڕێزان / ٢٧١٦ کوردی DATE: ٢٠١٦/١٠/٢٦

## ڕێنمایی ژمارە (٨) ساڵی ٢٠١٦

## ڕێنمایی پێبژاردنی سەرپێچیەکانی هاتووچۆ بەسیستەمی پشکی مانگانە

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لەیاسایی وەزارەتی ناوخۆ ژمارە ٦ی ساڵی ٢٠٠٩ و یاسای ژمارە ٣٦ ساڵی ٢٠٠٧ی پەرلەمانی کوردستان تایبەت بە بەرکار کردنی یاسای هاتووچۆی ئیتحادی ژمارە ٨٦ی ساڵی ٢٠٠٤ و لەبەر ڕۆشنایی بڕیاری دادگای ئیتحادی عێراق ژمارە ٣٤ ساڵی ٢٠١٣ وپاڵپشت بە یاسای وەرگرتنی قەرزە حکومیەکانی ژمارە ٥٦ ساڵی ١٩٧١ مادەی یەکەم برگە (٧) بڕیارماندا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییانەی خوارەوە:

**پێناسەکان**

**مادەی یەکەم:**

١. **هەرێم :** هەرێمی کوردستانی عێراق.

٢. **وەزیر :** وەزیری ناوخۆی هەرێمی کوردستان .

٣. **بەڕێوەبەرایەتیەکان :** بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆی هەرێمی کوردستان .

٤. **سزای دارایی :** ئەو سزا داراییانەی کەلەلایەن ئەفسەری هاتووچۆ سەپێندراوە بەسەر ئوتۆمبیل بەهۆی سەرپێچی شوفێر بەپێی یاساو بڕیارو ڕێنماییەکانی هاتووچۆ.

٥. **ئوتۆمبیل :** سەرجەم ئەو ئوتۆمبیلانەی تۆمار کراون لە تۆمارەکانی بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆی هەرێم بەشێوەی هەمیشەیی یان کاتی یان ئەوانەی کارتی زانیارییان هەیە.

٦. **ماتۆر سکیل:** ئەو ماتۆر سکیلانەی کەلە تۆمارەکانی بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆی هەرێم تۆمار کراون.

**مادەی دووەم:**

١. دەبێت خاوەنی ئەو ئوتۆمبیلانەی کە سزایان لەسەر تۆمار کراوە بەهۆی سەرپێچی شوفێرەکانیان لە ماوەی (٩٠) نەوەد ڕۆژ لە بلاوکرانەوەی ئەم ڕێنماییە سەردانی بەڕێوەبەرایەتیەکان بکات کە ئوتۆمبیلەکانیان لێ تۆمار کراوە بە مەبەستی کردنەوەی فایلی تایبەت بە یەکلایی کردنەوەی سزاکانیان.

٢. دوای تێپەڕبوونی ماوەی بڕگەی (١) ، سزای تۆمار کراو لەسەر ئوتۆمبیل دەبێتە دوو ئەوەندە پاڵپشت بە بەشی (٢٠) بڕگەی(٣) لەیاسای هاتووچۆی عێراقی ژمارە ٨٦ ساڵی ٢٠٠٤.

**مادەی سێ یەم:** ڕێکارەکانی یەکلاکردنەوەی قەرزی سزاکانی هاتووچۆ :

١. پێشکەش کردنی داواکاریەک لەلایەن خاوەنی ئەو ئوتۆمبیلەی کە سزای هاتووچۆی لەسەر تۆمار کراوە .

٢. دەبێت بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی تایبەتمەند فایلێکی تایبەت بە سزای هەر ئوتۆمبیلێک ڕێکبخات و بڕی ئەو سزایە دیاری بکات کە لەسەر ئوتۆمبیلەکان تۆمار کراوە .

٣. سزای سەرپێچی هاتووچۆ تا دەرچوونی ئەم ڕێنماییە بەو شێوەیە دەکرێتە پشک کە لە خشتەی پاشکۆی ئەم ڕێنماییە دیاری کراوە.

٤. ئەو سزایانەی کە لە دوای دەرچوونی ئەم ڕێنماییە تۆمار دەکرێن سیستەمی پشک نایانگرێتەوە .

٥. پێویستە لەسەر هەر بەڕێوەبەرایەتیەک سیستەمێکی ئەلیکترۆنی دابمەزرێنێت بەمەبەستی ڕێکخستنی شێوازی دانی پشک.

٦. ئەو ئوتۆمبیلانەی کە سزای سەرپێچی هاتووچۆیان لە (٥٠٠٠٠٠) پێنج سەد هەزار کەمترە ئەم سیستەمە نایانگرێتەوە و دەبێت ماوەی دیاری کراو لە مادەی (دووەم) گشت سزاکانی هاتووچۆ کە لەسەری تۆمار کراوە لەلایەن خاوەنەکەی بدرێت .

٧. لە کاتی گواستنەوەی خاوەندارێتی ئۆتۆمبیل یان گۆڕینی ساڵیانە دەبێت گشت سزاکان بە یەک جار بدات.

**مادەی چوارەم :**

پێویستە خاوەنی ئوتۆمبیل کە داوای سود وەرگرتن دەکات لە سیستەمی پشک بەڵێنامەیەک پڕبکاتەوە کە ئەگەر پابەند نەبێت بە دانی پشکی مانگانە ئەوا ئوتۆمبیلەکەی دەستی بەسەردا دەگیرێت و بە زیادکردنی ئاشکرا دەفرۆشرێت،

**مادەی پێنجەم :**

ڕێکارەکانی فرۆشتنی ئوتۆمبیل کەخاوەنەکەی پابەند نابێت بە دانی بڕی سزاکان .

١. لەکاتی جێبەجێ نەکردنی مادەی (٣و٤) لە سەرەوە لەلایەن خاوەنی ئوتۆمبێل ئەوا لەڕێگای دادنووسەوە ئاگادار دەکرێتەوە کە دەبێت لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ سەرجەم سزاکان بدات وەهەروەها بە هیچ شێوەیەک سودمەند نابێت لە سیستەمی پشک کەلەم ڕێنماییە دیاری کراوە .

٢. ئەگەر هاتوو خاوەنی ئوتۆمبێل لەپاش تێپەر بوونی ماوەی بڕگە(١) بڕی سزاکانی نەدا ئەوا لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی تایبەتمەند دەست بەسەر ئوتۆمبیلەکەی دا دەگیرێت و لە گۆڕەپانی بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆ دادەنرێت .

٣. ئەگەر خاوەنی ئوتۆمبیل لە ماوەی (٣) مانگ لە دەست بەسەر داگرتنی ئوتۆمبیلەکەی بری سزاکانی هاتووچۆی نەبژارد ئەوا ئوتۆمبیلەکەی بە زیاد کردنی ئاشکرا دەفرۆشرێت بەپێ ی یاسای جێبەجیکردنی عێراقی ژمارە (٤٠) ساڵی ١٩٨٠ هەموار کراو .

٤. ئەگەر خاوەن ئوتۆمبیل پێش فرۆشتنی ئوتۆمبیلەکەی بە پێی برگەی (٣) سەرەوە بری سزاکانی هاتووچۆی بژارد ئەوا ئوتۆمبیلەکەی ڕادەست دەکرێتەوە .

٥. بۆ هەر ڕۆژێک مانەوەی ئوتۆمبیل لە گۆڕەپانی هاتووچۆ بری (٢٠٠٠) دوو هەزار دینار وەردەگیرێت لە خاوەن ئوتۆمبیلەکە و دەخرێتە سەر حسابی هاتووچۆی تایبەتمەند .

**مادەی شەشەم :**

ئەم ڕێنماییە سەرجەم ئوتۆمبیلەکان و ماتۆر سکیلە تۆمار کراوەکان دەگرێتەوە .

**مادەی حەفتەم :**

ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی دەرچوونی لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان جێ بە جێ دەکرێت .

**هاوپێچ:**

**پاشکۆ**

**کریم سنجاری**

**وەزیری ناوخۆ**

**وێنەیەك بۆ:**

- سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران / بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا
- ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان/ بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا
- گشت وەزارەتەکان و لایەنی نەبەستراو بە وەزارەت ( ) لەگەڵ ڕێزدا
- دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان/ بۆ ئاگاداری لەگەڵ ڕێزدا
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایش - هەولێر/ بۆ ئاگاداری لەگەڵ ڕێزدا
- وەزارەتی داد/ ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان بۆ بڵاوکردنەوەی تکایە لەگەڵ ڕێزدا
- گشت پارێزگاکان و ئیدارەکانی هەرێمی کوردستان/ لەگەڵ ڕێزدا
- گشت فەرمانگەکانی سەر بە وەزارەت
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆ/بۆ کاری پێویست لەگەڵ ڕێزدا
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیس/ بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا
- فەرمانگەی یاسایی
- پلاندانان
- خولاو

بگۆری وەزارەت (بدالة الوزارة) : ٠٦٦٢٢٩٧٢٧٢ - ٠٦٦٢٢٩٧٣٧٣ - ٠٦٦٢٢٩٧٤٧٤

# پاشکۆی ڕێنمایی ژمارە (٨) ساڵی ٢٠١٦

## ڕێنمایی پێبژاردنی سەرپێچیەکانی هاتووچۆ بەسیستەمی پشکی مانگانە

| بڕی پشک | ماوەی هەر پشکێک | بڕی پشک لە ٥٠٠٠٠٠ پێنج سەد هەزار کەمتر |
|---|---|---|
| ٢٥٠٠٠٠ دوو سەدو پەنجا هەزار دینار | ٣٠ سی ڕۆژ | بە یەک پشک ئەژمار دەکرێت |

| ژمارەی پشک | بڕی پێبژاردن | بە نووسین |
|---|---|---|
| ١ | ٤٩٩٠٠٠ | چوار سەدو نەوەت و نۆ هەزار دینار |
| ٢ | ٥٠٠٠٠٠ - ٧٤٩٠٠٠ | پێنج سەد هەزار دینار تا حەفسەدو چل و نۆ هەزار دینار |
| ٣ | ٧٥٠٠٠٠ - ٩٩٩٠٠٠ | حەفت سەدو پەنجا هەزار تا نۆ سەد و نەوەد و نۆ هەزار دینار |
| ٤ | ١٠٠٠٠٠٠ - ١٢٤٩٠٠٠ | یەک ملیۆن تا ملیۆنێک و دووسەد و چل و نۆ هەزار دینار |
| ٥ | ١٢٥٠٠٠٠ - ١٤٩٩٠٠٠ | ملیۆنێک و دووسەد و پەنجا هەزار تا ملیۆنێک و چوار سەدو نەوەد و نۆ هەزار دینار |
| ٦ | ١٥٠٠٠٠٠ - ١٧٤٩٠٠٠ | ملیۆنێک و پێنج سەد تا ملیۆنێک و حەفت سەد و چل و نۆ هەزار دینار |
| ٧ | ١٧٥٠٠٠٠ - ١٩٩٩٠٠٠ | ملیۆنێک و حەفت سەد و پەنجاهەزار تا ملیۆنێک و نۆسەد و نەوەت و نۆ هەزار دینار |
| ٨ | ٢٠٠٠٠٠٠ - ٢٢٤٩٠٠٠ | دوو ملیۆن تا دوو ملیۆن و دووسەد و چل و نۆ هەزار دینار |
| ٩ | ٢٢٥٠٠٠٠ - ٢٤٩٩٠٠٠ | دوو ملیۆن و دووسەد و پەنجا هەزار تا دوو ملیۆن و چوار سەد و نەوەد نۆ هەزار دینار |
| ١٠ | ٢٥٠٠٠٠٠ - ٢٧٤٩٠٠٠ | دوو ملیۆن و پێنج سەد تا دووملیۆن و حەفت سەد و چل و نۆ هەزار دینار |
| ١١ | ٢٧٥٠٠٠٠ - ٢٩٩٩٠٠٠ | دووملیۆن و حەفت سەد و پەنجا هەزار تا دووملیۆن و نۆسەد و نەوەد ونۆهەزار دینار |
| ١٢ | ٣٠٠٠٠٠٠ بەسەرەوە | سێ ملیۆن بەسەرەوە |